# وتار

وتـار:- بـریتیە لەکارێکی نووسـین کە بڵاودەبێـتەوە. بەمەبەسـتی گەیانـدنی هەواڵێک یـان زانیـاریەک یـان بیرورواو بیروباوەرێک یـان ئەنجامەکانی تـوێژینەوەیەک یـان شـی کردنەوەیەکی ئەکادیمی یـان گفتووگۆو کێشـمەکێشێک .

وتـار لە رۆژنـامەدا جـۆری جیـاوازی هەیە، بونیادنـانی هەریەکەیـان جیـاوازە لەوەی تریـان، چـونکە مەبەسـتەکانیان جیــاوازە. زۆربەی وتارەکـانی رۆژنــامە بــریتین لە جــۆری وتــاری (هەوال)ی،بەڵام بێگومان لەوتاری رۆژنامەدا جۆری جیاواز تر هەن .

## چۆن وتار دەنووسین

١- بەر لە دەست پێکردنـی نووسـینی وتـارەکە، هەمـوو ئەو بیرۆکـانە بنووسـە، کە دەتەوێت لە ناوەرۆکی وتارەکەدا باسی بکەیت.
٢- هەوڵدە رێنوێنی لە ماڵەوە یان لە هاورێیەکانت، یان لە دەوروبەرت وەربگرە، کە بەلای ئەوان چ شتێکی تر لەو بارەیەوە هەیە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە.
٣- دەست بە نووسینی پێشەکی وتـارەکە بـکە و تییایدا ئامـاژە بەو خـاڵە سـەرەکییانە بکە کە دەتەوێت گفتوگۆ یان لەسەری بدوێیت، سەرنجی وەرگر رابکێشە.
٤- دەست بە نووسینی پەرەگرافەکـانی تـر یـاخود بڵێین نووسینی بۆدی-نـاوەرۆکی وتارەکە بکە:-
- ووردەکارییەکان.
- نمونە هێنانەوە.
- یان زانیاری تر کە ببێتە هۆی روونکردنەوەی بیرۆکەکانت بە تەواوی.
٥- فاکت-راستی تر بۆ بەهێزکردنی تێروانین و بیرۆکەکانت بەکاربهێنە:-
- ئامار.
-چارت.
٦- ئەگەر پێویست و گونجاو بوو، وێنە بەکاربهێنە.
٧- کۆتـایی بە وتـارەکەت بێـنە بە کۆتـاییەکی بەهێز...هەسـتێکی کۆتـایی ببەخشـەو پێراگەیاندنەکانت لە خاڵە سەرەکییەکان دووپات بکەوە، کە دەتەوێت بیلێیت.

# جۆرەکانی وتار

1- وتاری (هەواڵ)ی -:(News Article)

زۆربەی وتارە هەواڵیەکان، بریتین لەچیرۆکە هەواڵیەکان و تەرکیزیان تەنها لەسەر راستیەکان (Fact)ە، بەڵام سەروتارەکان (Editorials) و ستوونەکان(Columns) ، راستەوخۆ تەرکیز ناکەنەوە سەر چیرۆکە هەواڵیەکان، چونکە ئەم جۆرە وتارانە رەنگدانەوەو کاردانەوەی بیرورای نوسەرەکانە.

وتارە هەواڵیەکان،موناقەشەکردنی (هەوال)ە ئانیەکان یان ئەو (هەوال)انەیە کە روویان داوە، لە هەردوو حالەتەکەدا پێویستە ئارەزوویەکی گشتییان هەبێت.

وتارە (هەوال)یەکان دەکرێت رۆڵ و قسەی شایەدحاڵەکانی لەسەر رووداوەکە تێدا بێت. دەکرێت وێنەو ئامارو روونکردنەوەی هۆکارەکان و نەخشەو شێوە ئەندازەییەکان و بیرەوەری و یادکردنەوەکان(Recollections) و چاوپێکەوتنەکان، موناقەشەکان لەسەر ئەو بابەتەو هەروەها ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دەنگدانەکان، راپرسیەکان....هتد تیادا بەشداری بکەن .

پێویستە نوسەر وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە (کێ،کەی، لەکوێ، بۆچی،چی+چۆن). هەروەها ووتە وەرگیراوەکان یان گواستراوەکان یارمەتی دەردەبن بۆ هێزی وتارەکە. نوسەر پێویستە سەرچاوەی پشت پێ بەستراو بەکاربهێنێت. هەروەها بۆ دابینکردنی خوێندنەوەی وتارەکە لای خوێنەران، نوسەر هەوڵ دەدات ئاراستەکان دیاری بکات....بۆ نمونە وەک دەڵێ برۆ بۆ لاپەڕە 3 یان....

جۆرەکانی وتارە (هەواڵ)یەکان-:

ر- وتاری (هەوال)ی ناوخۆیی(Local News Article) ، ئەم جۆرە وتارانە تەرکیز دەکەنە سەر ئەو بابەتانەی کەوا لەشارو گەرەکەکان دەگوزەرێ. بۆ نمونە لەچیرۆکە (هەوال)ێکی ناوخۆیی وتارێک لەسەر شارەوانی شار سەرچاوە بگرێت .

ب- وتاری (هەوال)ی نیشتمانی(National News Article) ، ئەم جۆرە وتارانە تەرکیز دەکەنە سەر ئەو (هەوال)انەی کەوا چ لەو وڵاتە روویداوە یان روودەدا. بۆ نمونە لەچیرۆکە (هەوال)ێکی نیشتمانی وتارێک لەسەر عیراق کە پەرلەمان و حکومەت چۆن دەستوور تێ دەپەڕێنن .

ت- وتاری (هەوال)ی نێودەوڵەتی یان جیهانی(International News Article) ، ئەم جۆرە وتارانە تەرکیز دەکەنە سەر ئەو (هەوال)انەی کە لەدەرەوەی وڵات روویانداوە یان روودەدەن. بۆ نمونە چیرۆکە (هەوال)ێک لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزا لە سین....لەو رێگەیەوە ئەو جۆرە وتارانە دروست دەبێت .

2- وتاری ڤیچە (Feature Article) بریتیە لەو وتارانەی کەبەمەبەستی سەرنج راکێشان راستیەکان بەئاشکراو بەگەورەیی پیشان دەدات. وتاری ڤیچە، دەربارەی بابەتێکە نەرمترە لە هەوال(Softer News) ، ڤیچە لەوانەیە لەبارەی کەسێک بێت کەوا ساڵانێکی دوورو درێژ خەباتی کرد بێت یان خێرخواز بوو بێت. وتاری ڤیچە، تەرکیز ناکاتەوە سەر چیرۆکە هەوال .

3- سەرووتار(Editorial) ، بریتیە لەو جۆرە وتارانەی کە ناوەرۆکەکەیان بیرورای نووسەرە. لەلاپەڕەی دیاریکراو بڵاودەکرێنەوەو تەرکیز دەکەنەسەر رووداوەکانی ئێستا و بابەتە هەنووکەییەکان. یان رای ئەو ناوەندو پارت و دەزگایەیە کەوا پاڵپشتی ئەو بلاوکراوەیە دەکات.

4- ستوون(Column) ، بریتیە لەو وتارانەی، کەوا لەلایەن هەمان کەس دەنوسرێن لەسەر بنەمایەکی رێکخراو. ستوون، بریتیە لە وتاری تایبەتی رۆژانە یان هەفتانە یان لەکات و شوێن و

لاپەڕەی دیاریکراو لە لایەن ستوون نووس (Columnist) دەنوسرێت. نووسەر دەربارەی ئەو بابەتانەی ئارەزوویان هەیە یان رووداوە تازەکان و رووداوەکانی کۆمەڵگا دەنوسێت.

بۆیە پێویستە جۆرەکانی وتار دیاری بکەین و لەیەکتریان جیابکەینەوە، ئینجا بڕیار لە نوسین بدەین، بۆ ئەوەی پێکهاتەی ووتارەکە سەرکەوتوو باش بێت .

## توخمەکانی ووتار

1- Headline

2- Byline

3- Lead

4- Body

5- Conclusion

1- (Headline)بریتیە لە تێکستێک کە دەکەوێتە سەرو(Top) ی وتاری رۆژنامەو وتار پێویستە، سەردێر...ناونیشان...سەروتار (Headline) هەبێت. کە دەوەستێتە سەر سروشتی وتارەکە(Headline) .، خوێنەر دەبەستێتەوە بە وتارەکەو سەرنجی رادەکێشآ(Headline) ی. مۆدێرن بە ستایلی کورت دەنوسرێت و تەواوی توخمەکان بۆ رستەیەکی تەواو فەرامۆش دەکات . (Headline)، کورتەی وتارەکە نیە، بەڵکو پێویستە مەبەستی سەرنج راکێشانی خوێنەر ئامادە بکات.

2- (Byline)دێری سەرووی ووتار کەنووسەرەکەی ناونووس دەکات و پێویستە لە دوای Headlineبێت و ناوی تەواوی نووسەری وتارەکە و هەندێک جار ناوی ئەو شوێنەی لەگەڵ دێت کە نووسەرەکە نووسینەکەی لێ بەرهەم هێناوە. لە هەندێک ووتارداByline ، لە کۆتایی وتاردا دەنوسرێت .

3- (Lead)، تەرکیز دەکاتەوە سەر چیرۆک یان بابەتەکە. بابەتەکە دادەمەزرێنێت و دەیناسێنێت. نوسینی تۆن و ڕێپیشاندانانەکان(Guides) ی خوێنەر بۆ وتارەکە .

لە چیرۆکە هەوال پەرەگرافی پآ ناسین، فاکتە زۆر گرنگەکان ئاماژە پآ دەکات و وەڵامی پرسیارەکان (کآ،کەی، لەکوآ، چی، بۆچی+ چۆن) دەداتەوە، بەڵام لە وتاردا نوسەر دەتوانێت ڕێگای جیاواز بەکاربهێنێت.

4- ناوەرۆک(Body) ، لە چیرۆکە (هەوال)دا پێویستە ناوەرۆکەکەی ووردەکاری و درێژەی بابەتەکەی تێدا بێت و بە لەسەرخۆی لە لیدەوە بێت. هەروەها بۆ بەهێزکردنی چیرۆکەکە هەندێک جار ووتەی گواستراوەی تێدا دەبێت. شێوازی هەرەمی هەڵگەراوە بۆ زۆرینەی چیرۆکە (هەوال)یەکان بەکاردێت .

بەڵام ناوەرۆکی ووتار-:

- لە هەندێک جۆریدا دەکرێت چیرۆکی بێت و بەگوێرەی کاتی ڕوودان یان مێژووی ڕوودانەکە دابرێژرێت .

- هۆو ئەنجام...هۆکارەکان و ئەنجامەکانی ڕووداوێک یان پرۆسەیەک کە نووسەر بەدوای گەڕاوە .

- پۆلینکردن، بۆ یارمەتی دانی خوێنەرو تێگەیشتنی زیاتر،پێکهاتەکانی ووتارەکە وەک گروپێک بەیەکەوە دەبەسترێنەوە .

- بەراوردی و جیاوازی...(Compare and Contrast) دوو ئایتم یان زیاتر شان بەشانی یەکتر لێـی دەکوڵــدرێتەوەو قســەی لەســەر دەکرێــت، ئەمەش بــۆ پیشــاندانی لەیەکچوونەکــان و جیاوازیەکانە .

- لیست... زانیاریە سادەو دیارەکانی وەک لیست بەرەوخوار بەرێوە دەبردرێن.

- پرسیارو وەڵامەکان...بۆنمونە چاوپێکەوتن لەگەڵ داهێنەرێک یان کەسێکی بەناوبانگ .

5- کۆتایی(Conclusion) ، یەکێک لە جیاوازیەکانی چیرۆکە هەوال و ووتار، (Conclusion)ە. کۆتایی (هەوال)ێکی رەق (Hard News) دروست دەبێت کاتێک تەواوی زانیاریەکان لە پێشتردا نوێندرابن و ئاماژە پێکرابن .

کۆتایی یان پوختە(Conclusion) ی وتار لە کۆتایی (Conclusion) چیرۆکە هەوال جیاوازە. لە (هەوال)دا هەول دەدرێــت زانیــاریە هەرە گرنگەکــان بخــرێنە ســەرەتاو پەرەگرافــی یەکەم و دووەم،بەڵام زانیـاریە کەمتر گرنگەکان دەکەونە کۆتـایی، زۆربەی (جـار هەوال)ەکـان بەشـێوەی هەرەمـی هەڵـگەڕاوە دەنوسـرێن و کۆتاییەکانیـان کەمتـر گـرنگە، بـۆیە بـۆ دەسـتکاری کـردن و کەمکردنەوەو لادانی ووشەو پەرەگراف لە کۆتایی (هەوالڕ)ەکان ئاسان دەبێت .

بەڵام کۆتـایی (Conclusion) ووتـار، پێویسـتە زۆر روون بێـت و دواهەمـین بەیـانکردن و پێ راگەیاندن(Statement) ی تێدا بێت. هەروەها-:

- دوا قسەی تێدا بێت.

- وەسفکردنی دیمەنی گشتی...وێنەیەکی گشتی .

- یاریکردن لەگەڵ تایتل و لید یان پێشەکیەکە .

- کورتەی پێ راگەیاندنەکە .

تێبینی -:

1- وتاری باش پێویستە-:

- ناونیشانێکی باش..

- پێویستە نووسەر تەواوی لاکانی کێشەکە بخاتەروو.

- پیشانی بدە نەوەک پێ بلێیت .

2- جۆرەکانی نووسین لە رۆژنامەدا جیاوازن، لەوانە وەرزش، هەوال، شێوازەکانی ژیان و بیروراکان..هتد. هەریەکەیان تەرکیز دەکەنە سەر بابەتێک. بۆ نمونە وتاری وەرزشی تەرکیز دەکاتەوە سەر رووداوەکانی وەرزش. وتاری ڤیچەر تەرکیز دەکاتە سەر کەلتورو فیلم .

3- جیاوازی نێوان سەروتارو وتاری هەوال لە رۆژنامەدا، پێکهاتەی سەروتار لەچواردەوری بیروباوەری نووسەر دەخولێتەوە، بەڵام وتاری (هەوال)ی لە دەوری راستیەکانی چیرۆکە (هەوال)ەکەدا دەسورێتەوەو تەرکیزی لەسەر دەکات .

سەروتار لەلایەن سەرنووسەر یان جێگری سەرنووسەر یان کەسە باڵاکانی ستافی رۆژنامەیەک دەنوسرێت، کە زیاتر پەیوەستە بە بیروڕای ئەو دەزگاو رۆژنایە.

4- نوسەر بەر لەوەی دەست بە نوسین بکات پێویست چوار شت بزانێ-:

- چەشنgenre…type or kind

- audience

- purpose

- style

لە کام رۆژنامە دەینوسیت؟ ئایا وەرگران و خوێنەران ئارەزوویان لەو جۆرە چیرۆکانە هەیە؟ کام بەشی رۆژنامەکەو لە کام لاپەڕەی رۆژنامەکە نوسینەکەت بڵاودەکرێتەوە؟ ئایا دەبێت ووتارەکەت چەند درێژ بێت؟ خوێنەرانی ئەو رۆژنامەیە حەزیان بەچ بابەتێکە؟ ئەم پرسیارانە یارمەتی نوسەر دەدات کەوا بەچ ستایلێک بابەتەکەی بنووسێت (بەرەسمی یان بە نارەسمی، بە زمانێکی سادە یان بە ئالۆز، بە دەستەواژە تازەو گەنجانەکان یان دەستەواژە کۆنەکان). کاتێک رۆژنامەنووس وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەستکەوت ئەوا دەتوانێت ستایلی نوسینەکەی دیاری بکات .